حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حـكومـة اقـليـم كـوردستـان
مجلس الوزراء
السكرتارية

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە (٢٠٧) لە ٢٠٢٣/٣/١٥**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥) لە ٢٠٢٣/٣/١٥، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٨) لە ٢٠٢٢/٥/١١، و بڕیاری ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٨١٥) لە ٢٠٢٢/٣/٣١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. بەسەندکردنی دامەزراندنی (بانکی نیشتمان لە هەرێمی کوردستان) و ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی دامەزراندنی لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و دەرکردنی بڕوانامەی دامەزراندنی بانکی ناوبراو.
٢. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

ok

مەسرور بارزانی
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**